# ڕاپەڕین لە لاواندنەوەو گێڕانەوە بۆ خوێندنەوەو بەرهەم هێنانەوە

**ڕاپەڕینی ئاداری (1991) سەرەتایەکی نوێی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی نیشتمانی کوردستاندا نەخشاندو گۆڕانکارییەکی بابەتیو چلۆنایەتیشی لە ژیانی سیاسیو ئیداری ئێمەدا هێنایە ئاراوە، بەڵام دواتر لەسەر زەمینی جوگرافیای خۆیدا دووچاری چەقێکی کوشندەو خۆ خواردەنەوە هات، بەشی زۆری ئەو فاکتەرو هێزانەشی چەپاند کە ئەویان هێنایە بەرهەم.**

**ئێستا لە کاتێکدا (11) ساڵ بەسەر ڕاپەڕیندا تێ دەپەڕێت ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە دوور لە گێڕانەوەو لاوانەوە، خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی بۆ بکرێت؟ ئایا بۆچی تاکو ئێستا زۆر لە ئامانجەکانی ڕاپەڕین نەهاتوونەتە دی؟**

**ڕایەك هەیە پێی وایە ئەوانەی هەوێنی ڕاپەڕین بوون ئێستا وزەی ڕاپەڕینیان لەبەردا نەماوە، ئێستا لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیداین، چۆن دەتوانین ڕوحی زیندوێتی وەبەر ڕاپەڕین بکەینەوە؟ ئەم سێ پرسیارە هەوێن و نێوەڕۆکی، ئەم تەوەرەیەمان دەبێت کە تایبەتە بە ڕاپەڕین.**

ئامادەکردنی: هیوا مستەفا

## بەکر ئاڵەیی:

## ئەوانەی لە ڕاپەڕین داینەمۆو هەڵسوڕاو بوون ئەگەر بە قەدەر کونی دەرزی ڕێگا هەبێ کۆچ دەکەنو پشتیان لە نیشتمان دەکەن

پێش ڕاپەڕین لە زەمەنێکدا دەژیاین گلۆلەیەکی ئاڵۆزو تێکچڕژاو بووین سەرەداوی قسەکردنمان پچڕ پچڕو تەمومژاوی بوو، لوژیکی بەعس درزێکی خستبووە ناو ئایدیای کۆمەڵو بزووتنەوەی کوردایەتی. ئەم پەتایە وەك نەخۆشییەکی کوشندەو ترس هەموو ناوەندو کەلێنێکی ئەم وڵاتەی گرتبووەوە، هەموومانی مەلاس دابوو و خڕ خڕی کردبووینەوە چارەنووسو زیندەگیمان چاوەڕوانی ئەنفالێکی گشتی بوو. بەعس وەك ئایدۆلۆژیایەکی شۆڤێنی هەمیشە لە هەوڵی سڕینەوەی جیۆپۆلیتکی کوردستان و لە گرێژەنە بردنی پەیوەندی نێوان تاکەکانو شێواندنی کەسایەتی کوردو دارماندنو هەرەس پێهێنانی هەستی شۆڕشگێڕی و نەهێشتنی ئینتیمای نیشتمانی کاری کردووەو کار دەکات. هەر لەو پێودانگەشەوە زەمینەی سەرهەڵدانی ڕاپەرین سەرتاپا وڵاتی گرتەوە.

ئەمڕۆ (11) یانزە ساڵ گوزەر دەکات بەسەر ئەو بروسکەیەی کە ئوخژنی خستە دڵی سەرجەم خەڵکی ڕاستگۆو ماندوو بە ئەمەکی کورد، جوڵەیەکی گەرمو گوڕی دایە بزوتنەوە شۆڕشگێڕو تێزە جوانەکانی شۆڕش. دەرکەوتەو قەراردان لەسەر ڕاپەرین بۆ عەمەلی ڕەت کردنەوەو نەفی کردنی پڕۆسیسی داسەپاندنی تێزە دژە ئامانجەکانی گەلو پچڕاندنی کۆتو پێوەندەکان، وە شوناسی هەمیشەیی خەسڵەتی گەلی کوردستان بووەو لەم دیدگایەشەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەبێ خودی کورد لە ئاستی مەسئولیەت دابێو هۆگری ئەرکەکانی بێتو یەکگرتوویی کۆمەلانی خەڵك بە هەموو چینو توێژەکانیەوە لەم ڕۆژەدا بۆ خۆی ڕابونێکی گەورەیەو فیداکاری کوردان دەسەلمێنێ بەرامبەر داگیرکەرانو دیکتاتۆریەت. ئەو ڕوو بەڕووبوونەوەیە جامی (ئەنجامی ئەو سیاسەتە گڵاوەی بەعس بوو کە بۆ ژێر پێخستنی کلتوورو زمانوخاك سوتاندنی کوردستانو...هتد پەیڕەوی دەکرد) پڕبوو لێی ڕژاو چیتر گەل نەیتوانی ملکەچی ئەو ڕەوشە بێتو هەوڵدرا تا لە نۆژەنەوە ئەو تێزانە نمایش بکەن کە پەنجەرەیەکی کردۆتەوە بۆ ڕاڤەکردنو خوێندنەوەی کەسییەتی کوردی. هەربەو ئامانجو هێلانەش دابەشی زۆری گەلی کورد خۆیان لەو ئاستەدا دەدی کە دەبێ ئامانجیان خۆشبەختی هەموانو بەیەکەوە خزمەتکردنی نیشتمانو نەتەوە بێتو هەمیشە ئەو هێزو پشتیوانەبن بۆ ئەو پێشنیارانەی کە دیموکراسیەتو مافی مرۆڤ دادی کۆمەلایەتی تێدا بەرجەستە دەبێ و ببێتە پڕۆگرامی هەموان. ڕاپەڕین گەرمترین هەستی قوربانی دانی نەتەوەییو چینایەتی خەڵکی کوردستان بوو بۆ بەگژداچوونەوەی نەریتی فاشیانەی ڕژێمو لە گۆڕنانی خەونەکانی دیکتاتۆرو پڕاکتیزەکردنی ئازادیو سەربەخۆیوی نەتەوە. ڕاپەڕین ئەرکەکانی پارێزگاری خەسڵەتە گرنگەکانی مافی مرۆڤو تەواو هێزو چالاکیەکانی گەلی نیشاندا بۆ بە بەهاکردنی ئایدیای لێك جیاواز، ڕاپەڕین کۆمەڵێك بەهای جوانی پێشکەش بە شۆڕشو نەتەوە کرد بەڵام ئایا ئەگەر بپرسین بەهاکانی ڕاپەڕین دوای (11) ساڵ ئاسۆو ئامانجەکانی تاکوێ ڕاڤە کراونو لە مەیدانی کاردا چی کراوە؟ خوێندنەوەو چۆنیەتی سەپاندنو بە ئامانج گەیشتنی ئامانجەکانی ڕاپەڕین با تەماشای ڕێکخستنی حزبەکانو نیەتو ڕامانی دەسەلات بکەین بەرهەمی ئەو سەرهەڵدانە، پەرلەمانو حکومەتی کوردیو چەند پەخشی تەلەفزیۆنی ئاسمانیو چەندان گۆڤارو ڕۆژنامە هاتوونەتە بوون، ئەوە بۆ خۆی سەرکەوتنێکی گەورەو دەگمەنو نەمانی مۆرەکانی ڕژێمو مۆڵگەکانی لە کوردستان ئاماژەیە بۆ یەکێتیو فیداکاری خەڵك. سەرەڕای دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین دەکرێت بڵێین دوای (11) ساڵ جووڵانەوەکەمان تا چەند لە ئاست لێپرسراویەتی دابوون بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیانو بەرەو پێش بردنی ئامانجەکان ئایا بە کاری جددیو مەبدەئیان داناون یان تەنها سەپاندنی ئایدۆلۆژی بە پیرۆزکردنی دەسەلاتو بەرژەوەندیەکانیانن.. ئایا هێزە شۆڕشگێڕەکان تا چەند قسەی هەبووە لەسەر دەست درێژییەکانی وڵاتانی ئیقلیمو کام ڕێکخراوو گروپی شۆڕشگێڕ توانیویەتی جەماوەر بهێنێتە سەرجادەو لەشکری داگیرکەران پڕوتستۆ بکات؟ کە نەکراوە بۆ؟ چ هەوڵێکی سیاسی داڕێژراو لە پشتیەوەیەتیو ڕێگرن لە بەردەم بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزایی؟ کار نەکردن بۆ ئەو ناڕەزاییانە دەچێتە ناو ئەو پڕۆسەیەی کە دوژمن پیادەی دەکات. لە ڕوانگەی دەسەلاتدارانەوە هەر جۆرە هاتنە مەیدانو ناڕەزاییەك جۆرێکە لە خیانەت. بەلام بێ ئامادەبوونو ڕازی نەبوونی دەسەلاتی هەرێمایەتی ناکرێ قسە لەسەر دەوڵەتو کیانی کوردی بکرێ! واتە مولزەمی بڕیارو ڕاسپاردەکانی وڵاتانی ئیقلیمین.!

+ یان ئایا تۆکمەکردنی هێزەکانو سەنگەرگرتن بەرامبەر دوژمن و پوچەڵ کردنەوەی ڕوحیەتی شەڕانگێزی لە پراکتیکی کام حزبو ڕێکخراوی کوردستان دایە؟

+ ڕێکەوتننامەکانی دبلنو واشنتۆنو ئەنقەرە بەرەغمی کەمو کوڕیەکانیانو.. دەرنجامو کارکردن لەسەریان کوا؟ پراکتیزە نەکردنی هەر جۆرە ڕێکەوتنێك کە بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ تفەنگەکان بێ دەنگ بکات بۆ خۆی سستییەكو نامەسئولیەتی پێوە دیارە. ئەی ئەرکی (کەسی) کورد لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا چییەو دەبێ چ بکات؟ ئەرکی سەرشانی هەرتاکێکی کوردە لەم کۆمەڵگایەدا کە بە تەواوی وجودی خۆی ئامادە بکات بۆ پاراستنی نیشتمانو نەتەوەکەیو ڕەفزی هەموو شتە ناشیرینەکانی کۆمەڵگاو لە قاودانی هێزە شەڕانگێزو تاقم و گرووپی ئیرهابییەکان تا سێبەری ئارامی بەمەدەنی بوون و حەسانەوە بۆ هەموان بێتو کاربکات بۆ جێگیربوونی ئەو ڕەنگانەی ڕووی سروشت و نەتەوە جوان دەکەنو پاراستنی کلتوورو مێژووی قوربانی نەتەوەکەی بەهەندبگرێو هێزێك بخولقێنێ بۆ داکۆکی کردن لە بەهاکانی گەلو مەسەلە گرنگەکانی تێکۆشان.

ڕۆشنبیری بوونو خۆ قوتارکردن لە دیماگۆگیو عەقڵی چەق بەستووی سەقەتو دەستنیشان کردنی لۆژیکی هەستیارو هۆشمەندانە بۆ ڕیسواکردنو دوورخستنەوەی ئەو دیاردانەی گەل ونیشتمان لەکەدار دەکەن. هەرکاتێکیش کەسی کورد گەیشتە ئەو ئاستەی پۆلینی کارەکانی بکات وبیانناسێتەوە و خاڵ و میتۆدی کارکردنی خۆی نەخشەکێش کرد، لەو دەروازەیەشەوە قوربانی بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی میللەت وەدەستهێنانی مافی زەوت کراویان دەدات. کەوایە ڕۆشنبیران کام ئاقارو سەنگەریان دەستنیشان کردووە تا بەهاکانی ڕاپەڕین لە فەوتان و ڕیسوایی بپارێزن؟ ئایا ڕۆشنبیر ئەو کەمەر شکێنەر بووە کەبتوانێ ڕەخنەی جددی و داهێنەرانە بەرهەم بهێنێ و پڕۆژەیەکی چارەسەریانەی ئامادەکردووە تاخەوش وعەیبەکانی دەسەلات ئاشکرا بکات و هەژمونێکی لێوەشاوە بسەپێنێ و پێشەنگ و ڕێبەر بێت و خاوەن قسەیەکی چارەسەری بێتو حەل نەبووبێت لە تاریکستانی جەهل و نەفامیدا؟ ئەمەش چونکە خوێندەوارو سەردەرکەرو سەرلێ دەرچووانی ئاستەنگەکان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر بەیان بەحوکمی سیاسەتی برسیکردنو عەقڵ کورتی دەسەلات بەسەر حزبەکاندا دابەش بوون، هەرچەندە بەپێی خوێندنەوەی بیرمەندان سەبارەت بەڕۆشنبیر هیچ یەکی لەو قەڵەم بەدەستو ڕۆشنبیرانەی کۆمەڵگای ئێمە لە ژێر چەتری پێناسەی ڕۆشنبیری جێیان نابێتەوەو ئەمە جگە لەوەی کە لە ناوەندەکاندا کۆسپەهایەکی بەرچاوی پڕۆسەی هۆشیاری کردنەوەی کۆمەڵگادەبن. ئەوەتا کانت دەڵێ (ڕۆشنبیری هەمیشە ڕەهەندێکی جیهانی هەیە) بەو پێیە دەبێ ڕۆشنبیری هەموو ئەو بەهاو پێشکەوتنە کۆمەلایەتی وفیکریانەی کە مرۆڤایەتی دەحەسێنێتەوە بگوازێتەوە بۆ کۆمەڵگاکەی خۆی. واتە ڕۆشنبیر لەو نێوەندەدا فراوانتر بیر دەکاتەوە خۆی گرێ ناداتەوە بەتەنها مەسەلەیەك هەمیشەش لە گومان دایە بەرامبەر دڵسۆزی دەسەلات و دەبێ بە هەڵوێست بێت و بەرژەوەندی تایبەتی بەلاوە بنێ و خولقێنەری تێزی شایستە و دەگمەن بێت و بەدوای ئەو نهێنیانە دابگەڕێ کە تا هەنوکە بڤەو نەزانراو بوون وجێگەی قسە و باسو گومانو دەبێ کەسی پێشەوەی کۆمەڵگا بێت بۆ هەڵوێست وەرگرتن لە گەندەڵی ئیدارە. پەرت بوونی خوێندەوارانی ئێمە وای کردووە کە نە تواندرێ قسەیەك لەسەر موعاناتەکانی گەل بکرێ، پێش دروست بوونی ئەم ڕەوشە نووسەرانو ڕۆشنبیران یەك هەڵوێست لە ڕێپێوانێکی هێمنانەدا هاتنە مەیدان و جەختیان دەکردوە لەسەر ئەوەی کە ئاشتی نەکرێ ئەوان هەڵوێست وەردەگرنو بڕیاری خۆ سوتاندنیاندا جا هەرچەندە بانگەوازو پێشنیارەکانیان بەهەند نەگیراو کارێك بۆ جێبەجێ کردنیان نەکرا کەچی بەشی زۆریان لە دەسەلات نزیك بوونەوە و تێکەڵی پراکتیزەکردنی سیاسەتەکەیان بوون و بەمەش وەزعەکە ناهەموار تربوو. بە ڕاستی جێگەی مەترسییە (نوخبە) لە ئاستی تەسلیم بوون و فرۆشتنی قەڵەمەکەی دابێ چونکە بەم خۆدزینەوەیە لە ئەرکی سەرشانیان پارسەنگی بۆ گەندەڵی ئیداری و جێ بەجێ نەکردنی پڕۆسەی ئاشتیو نەبوونی سەربەخۆیی وبێ ئومێدی خەڵکی ڕاگرتووەو ئەم بێ دەنگ بوونەیە پلە و پایەی کەسانی نامەسئول بڵندتر دەکات. کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و میدیاکان جمەی دێ لەو خوێندەوارانەی کە دەتوانن نەخشی بەرچاویان هەبێ لە خزمەتکردنو بەرەو باشکردنی ڕەوشی نەتەوایەتیمان بۆیە ڕاوەستان و خۆبواردنی ڕۆشنبیران شتە جوانەکانی مێژووی نەتەوایەتیمان بەرەو لە ناوچوون دەبات. ئەم خۆ خزاندنە ناو دنیای بێ هەڵوێستی کۆمەڵگا بەرەو گەندەڵی ئیداری دەباو دیاردەی مافیاو ڕەشوە خۆری و دزی سەر هەڵدەدات. گومانی تێدا نییە بەرنامەو کارکردنی ناوەندە دەسەلاتدارەکان پڕۆسەی برسی کردن وبێ کاری خولقاندووە، تاعەقڵ و مەعریفە کارنەکات و بەرژەوەندییەکانو تاریکستان حاکم بێتو ئەم حاکمیەتەش کار لەسەر ئەم پرۆژەیە دەکات تا زۆربەی چینو توێژەکانی کۆمەڵ ناچاری تەسلیم بوون بکات. بەڵام باوەڕبوونمان بەو قسەیە جۆرێکە لە خۆبواردن، واتە جیابوونەوەی کەسانی ڕۆشنبیر لە کەسانی نامەسئول دەبێتە فەوزا واتە خۆماندوکردنو خوێندنەوەی کەسانی ڕۆشنبیر لەو کاتەدا چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ ئەوانەی تفەنگ بە بەهاکانی ڕاپەڕینو پڕۆسەی ئاشتی وە دەنێن؟ کوا ماهیەتی ئەو ڕۆشنبیرە کە خواستی ئەوە بێ پیرۆزەی دەسەلات ڕاگرێ؟ ئەو ڕۆشنبیرەی لەو تەنزە خوێندەوارانە بێت ئایا لە ئاست ئەو بەرپرسیاریەتەدایە کە بتوانێ مێژووی نەتەوەکەی بە بێگەردی بنووسێتەوە؟ گوێ نەدان بە ئەرکە نیشتمانیەکان بەها مرۆییە بە دەست هێنراوەکانت لە دەست دەدات.

دوورکەوتنەوەی کەسانی بەرچاو لە ڕاپەڕینداو ساردبوونەوەیان لە شۆڕشو کزبوونی هەستی نیشتمانپەروەری ئەم ئاقارە دەگرێتەوە کە دەسەلات هەموو ئەو هێمایانە کە پەیوەندیان بەسەرهەڵدانی ڕاپەڕینەوە هەبوو پوچی کردونەتەوە بەرپرسان لە ئاست داخوازییەکانی خەڵك دانین.

بەپەراوێزبوونی خێزانی شەهیدانو کەسانی ماندووی ڕاپەڕین هەروا سوكو ئاسان بەهای خوێنی شەهیدانو لەبیرچوونەوەیان نیشانەن بۆ نەمانی ئەو ئیحساسە گەرمەی ڕاپەڕین هەروەك دەبیستین کە شەهیدان سەنگەریان پێ دەگوێزرێتەوەو بێ خواستی ئەوان خەباتو قوربانیو مێژووی تێکۆشانیان تێکەڵی حزبێکی تر دەبێ. دوای ڕاپەڕین کەسانی نامەسئول دەستیان کراوەتەوە بۆ ژن کوشتنو سوکایەتی پێکردنی، ترسو تیرۆر لەسەر سنگی کەسانی مەدەنیو ئازادیخواز چۆکی داکوتاوەو دەسەلاتیش چارەسەرییەکی پێنییەو بۆ ئەو وەزعە ئەوەش نائومێدی دروست دەکات بۆ کۆمەڵگا. داخستنی گۆڤارو ڕۆژنامەو یاساغکردنی ڕوانینی جیا کەلێنێکی گەورە دروست دەکات لە نێوان قسەوکردەوەی دەسەڵات. داخستنی بارەگای حزبو ناوەندی نامۆ بە دەسەڵات یان هەڕەشەلێکردنیان بە داخستن شتێکی جیاوازە لە دیموکراسیو بگرە لەمپەریشە بۆ هاتنە مەیدانی دیموکراسی. دادگایی کردنی حزبێك بەهەر بیانوویەك کە دەسەڵات بە ئەرکی نیشتمانی ناوزەدی دەکات ڕوو وەرگێڕانو بەهەند نەگرتنی مێژووە بە تایبەتیش کە کەسانی ناو ئەو حزبە مێژوویەکی درێژیان هەبێ لە تێکۆشانو کەسی بەرچاو بووبنو دەوری بەرچاویان هەبووبێ لە ڕاپەڕین، قەتڵو عامکردنی جووتیارانو زەوتکردنی مافەکانیانو کۆسپ دروستکردن بۆ ڕێکخستنەوەی کرێکاران لە سەندیکای خۆیاندا حەتمەن کاریگەری سلبی دەبێ بۆ ساردبوونەوەی جەماوەر بەرامبەر شۆڕشو سەرهەڵدان، دەسەڵات لە کوردستان هەر جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ دوژمناندا ژێر بە ژێرو ڕاستەوخۆ هەبێ بۆ خۆیان بە ڕەوای دەبینن هەر چەندە ئەو پەیوەندییە گوامانایش بێت بەڵام عیلاقەیەکی تری دیبلۆماسی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەوان دەربچێ ڕاستەوخۆ وا ناوزەد دەکرێ کە ئەو پەیوەندییە مەترسییەکی گەورەیە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی بەڵام دەیان ڕێکخراوی تیرۆریستی نامۆ بەکلتوری نەتەوەمان دروست بوونو هاوکاریان دەکرێو لە زۆر مەجالیشدا هاوپەیمانو دادگایش ناکرێن. کەسانێك حاکمیەت دەکەن لە هەندێك شوێن کە لەڕاپەڕیندا بە دوایاندا دەگەڕاین تا بەڵکو کەسێك هەبێ نوێنەرایەتیان بکات بۆ لیژنەی بەرە نەیانبوو کەچی بە ڕۆژی ڕووناك خەڵکی ڕاپەڕیو دادگایی دەکەن، ئێ کاتێ ڕەوشی وڵاتەکەت ئاوا ببینی لە ڕوحەوە ڕوحیەتی ڕاپەڕیوان تەعزیب دەدرێو مەردایەتیان بە یاسایەکی بەعسیانە کەرەتی (حزب) سفر دەکرێ، ئایا ئەو ئیحساسە بە کوێ دەگا؟ دەبینین دەسەڵات هەمان وانەی بەعس ئاراستەی چینو توێژەکانو ناوەندی پەروەردە دەکات، چاندنی ترسو دووبەرەکیو گرتنو ڕاونانو بە حزبی کردنی مامۆستایانو کرێکارانو خوێندکاران دیاردەیەکی بەرچاوو مەترسیدارو نارەحەتکەرە لە خاڵی ئێستادا کە بێ پشتیوانیو تەزکیەی دەسەڵات فەرمانبەران بێ گوێدانە تواناو کارامەییان بە دەگمەن دەتوانن لە داموو دەزگاکانی هەرێم دابمەزرێن دەبێ پڕۆسەی بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگا بە کوێ بگات؟ ڕەنگەکان گەورەترین ئاستەنگیان دروست کردووە بۆ بەیەکەو ژیانو درزیان خستۆتە نێوان گوند بۆ گوندێك و لە خێزاندا موحیبەت نەماوەو ئاژاوە هەموو ماڵێکی گرتۆتەوە. خەڵکی ڕاپەڕیو ئەگەر ئارەزووی تێکۆشانیان هەبێ مەجالێکیان نەهێشتۆتەوە بۆ ئەوەی بتوانن مومارەسی ئەرکەکانیان بکەنو نیشتمان ئاوەدان بکەنەوە بۆیە زۆربەی ئەوانەی لە ڕاپەڕین داینەمۆو هەڵسوڕاو چونکە ئەگەر بە دوای کۆچ نەکەون چارەنووسیان سەر شەقامەکانی شارو پوکانەوە دەبێ لەناو ئازارەکانی بێ کاریداو ڕیسواییو تەسلیم بوون بە فتواکانی دەسەڵاتو خزان دەبێ بۆ ڕێگای نامەشروعو لادانو مەهامەکانی نیشتمانپەروەری چونکە لەو نێوەندەدا کە دەسەڵات خۆی فەرز کردووە دەیانو سەدان کاسەلێسی سەردەمی ڕژێم لە بارەگای حزبو ناوەندەکانی دەسەڵاتدا خاوەنی قەرارنو ڕوانینو کارکردنیشیان بۆ ئاوەدانکردنەوەو خزمەتکردنی وڵات هەمان تێڕامانی سەردەمی ڕژێمە.

لەو ناوەندو ڕێکخراوانەدا کەسانێك سەرقاڵی خۆ دەوڵەمەندکردننو کۆکردنەوەی سامانی ئێمەمانان لە سەردەمی ڕژێم خۆمان لێ دەشاردنەوە تا نێچیری دەستیان نەبینو نەمانکەنە دیاری ڕژێم، ئەوانە ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەڵاتیان لە بڵندی دەداتو گوێ بەوەش نەدراوە کە دەستیان سوورە بە خوێنی پێشمەرگەو کەسانی ئازادیخواز. ئەو تەرزە مرۆیانە هیچ کاتێك ڕێگەیان لێ نەگیراو بۆ لای سەرکردەکانو حزبەکان بەڵکو کارو مەرامەکانیان مەیسەر دەبن، چەكو جبەخانەکانیشیان وەك خۆی ماوەتەوە نە فەوتاندنیشیان وەفاداریو دڵسۆزی ئەوانە بۆ بەهەندگرتنی سمبولی بەعسو بەو ئاراستەیەشدا دەڕۆن کە لە هەر کوێیەك ئەو ماهیەتو مەبدەئە نەدۆڕێنن کە پێی گۆش کراونو هەمیشەش خەون بە گەڕانەوەی دامو دەزگاکانیەوە دەبینن، ئایا ئینسان لەو ناوەدا ئەگەر خاوەنی ئیرادەیەکی بەهێزو تۆکمە نەبێ ئەو هەستو ئیحساسە نەتەوەییو نیشتمانیەی دەمێنێ، کەواتە جێی خۆی نیە بڵێین کە ئێمە بە دەستی خۆمان گۆڕ بۆ بەها جوانەکانی ڕاپەڕین هەڵدەکەنین؟! دەی کەواتە چ بکرێ بۆ سەرخستنی قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی؟ چۆن ئەو دیاردانە پوچەڵ بکەینەوە کە پاداشتەکانی ڕاپەڕینیان لێ تاڵ کردووین؟ ئایا کۆچو دوورەپەرێزیو خۆ بواردن بارەکە قورستر ناکات؟ دەکرێ مرۆڤ بەو ئاراستەیەدا بیر بکاتەوە کە لە ئاستی بەرپرسیاریەتی دابێت، هەوڵ بدات تا عەقڵی داخراوی دەسەڵات لەقاو بداتو دە کەوایە با دەستمان شل نەکەین لە تێکۆشان، جارێکی تر ڕوحی فیداکاریو خەسڵەتی کەسیەتی کوردی بگێڕینەوە، گومانی تێدانیە هەوڵدانو چوونە ناو کێشەکان بە نەفەسێکی کراوەو دوور لە بیر تەسکی ئایدۆلۆژیو خۆمان خەریك بکەین بۆ ئەو ئاواتانەی کە هەموویان دەخوازین پێی بگەین، بەڵام چۆن بتوانین جارێکی تر ئەو قەناعەتە دروست بکەینەوە کە جاماوەر بە فکرێکی ترو دوور لە حەساسیەتی حزبی ناڕەزاییەکان بەرز بکاتەوە؟ جەماوەر لە ڕێی کۆڕو کۆبوونەوەو سمینارو ڕێکخراوی پیشەییو مانگرتنی هێمنانە ڕەخنە لە دەسەڵات بگرێ تا دەسەڵات بگەڕێتەوە سەر ئەو پڕۆژەیەی کە خواستو ویستی جەماوەرە؟ با فشار بخەینە سەر دەسەڵات بۆ ئەوەی لە ئاستی ئەو هەموو موعاناتو مێژووە خوێناوییەی گەلەکەی دابێو سیاسەتی ڕاونانو بە حزبی کردنی جەماوەر لێ گەڕێو بە خۆی دابچێتەوە، با هەمیشە ئەو هەوڵە بدەین کە بمانەوێ قەدەری دەسەڵات لە دیموکراسیەتو مافی مرۆڤ نزیك بخەینەوەو وەك ئایدۆلۆژیای کوردبوون قسە لە سەر ئەرکەکانمان بکەینو کارێکی وابکەین ئەرکەکان لێمان قبوڵ نەکەن کە بە خەیاڵمان دابێ دووربکەوینەوە لەگەڵو سێبەری دیموکراسی عەقڵی پێکەوە ژیان.

دیسپلین بوونی چالاکییەکانمانو بە ئاگاهاتنەوەی خوێندەوارانو ناسینەوەی ئەرکەکانمانو پەیڕەوکردنی ڕێکخراوبوون لە سەر بنەمای کوردایەتی، ئەو ماناو متمانەیە دەگێڕێتەوە بۆ میللەتو ڕوحیەتی قوربانیدان جارێکی تر لە هەستو نەستمان کار دەکاو لە ئاستی خزمەتکردندا دەبین، ئەگەر ناچی دەقەومێ؟ شۆڕشێكو فرسەتێکی لەبار بۆ گەلێکی چەند ملیۆنی لە دەست دەدەین، هیچ پاساوێك دادمان نادات و مێژووی کوردان جارێکی تر شکست دەخواو غەرقی خوێن دەبێ ئیتر خەتا لە ئەستۆی هەموومان دەبێ دەسەڵاتیش دەبێتە هۆی سەرەکی ئەو ڕەوشە.

جا هەرچی زووترە با خۆمان کۆبکەینەوە بۆ وەلانانی بیری پاوانخوازی خۆ بەستنەوە بە دوژمنان، ناکرێو نابێ بەرپرس نەبین لە کەمو کوڕیەکان، چونکە بێ دەنگ بوونو ڕەخنەنەگرتن لە دیاردە ناشیرینەکان ئاستەنگن لە بەردەم بزاڤی چارەسەریو پاراستنی دەسکەوتەکان.

